# تارا رەسولْ:

# من قەرزداری حکومەتی سویدم و زۆریش هاوڕێی زەکەریا عەبدوڵڵام



رۆژێك پێش ئەوەی دیدارەکە سازبکەین لە بەیانی تا نیوەڕۆ چاوەڕوانی هاتنی بووین و بگاتە رادیۆی مەشخەلان، کاتێ گەیشتو لەئێوارەی هەمان رۆژیشدا چاوپێکەوتنێکی رادیۆییان لەگەڵ سازدا، تاراخان زۆر هیلاك و ماندوو دیاربوو، هەرچەندە ئەوکەسەی لەگەڵیدابوو، چاوپێکەوتنەکەی خستە سەعات یازدەی رۆژی دواتر، منیش رازی بووم، تارا رەسول شەو لەهەواری پانك بوو، وتی:" ئێمە دیسان بۆ بەیانیەکە دێینەوە رادیۆو سەعات یازدە چاوپێکەوتنەکە دەکەین" کەچی ئەو نیو سەعات پێش کاتی دیاریکراو ئامادەببوو، تەلەفۆنیان بۆکردمو بەپەلە خۆم گەیاندە رادیۆ، منو تارا بەیەکەوە لە ژورێکدا دانشتین و پاش کورتە گفتوگۆیەکی نێوانمان، ئەو وتی:" بەکەیفی خۆت پرسیار بکە منیش وەڵامی پوختت دەدەمەوە" بەم پرسیارەی خوارەوە دەستمان پێکرد.

دیمانە: محەمەد گەلاڵەیی

◈ **چیرۆکی منداڵیمان بۆ بگێڕەوە؟**

**تارا رەسولْ:** نازانم چۆن دەست پێبکەم، چونکە منداڵی من جیاواز بووە، لەبەرئەوەی پەیوەندی بە نابینایی منەوە هەبووە، بەلاّم دێتە یادم کە یاریم لەگەڵ هاوڕێکانما کردووە، هاوڕێی کەمم هەبووە، حەزم لە مۆسیقاو یاری منداڵانە دەکرد، زۆرم پێخۆشبوو گوێ لە گۆرانی و مۆسیقا بگرم.

◈ **گریمان رۆژگارێك بینایی چاوەکانت گەڕایەوە، حەز دەکەی یەکەم کەس کێ بێ بەدی بکەی؟**

**تارا رەسولْ:** نازانم ئەو رۆژە چۆن دەبێ؟ لەبەرئەوەی هەر لەمنداڵیەوە نابینام رەنگە بۆ من زۆر سەخت بێ، ئەوەی بۆ من زۆر گرنگە ببینم کوردستان و دایکمە.

◈ **ئەو گۆرانیانە کامەنەن کە بەدڵتن و بە پێچەوانەشەوە؟**

**تارا رەسولْ:** ئەو گۆرانیانەی گوتمن تا رادەیەکی زۆر لێیان پەشیمان نیم، شتێك نییە لێی پەشیمان بم، زۆر گۆرانی جوانم وتووە، بەلاّم هەندێك گۆرانی هەیە زیاتر تێکستەکانیان بەدڵمانن گۆرانی **"هەستێك"** کە بەرهەمێکە لەسیدی "هەستێك" لەمنەوە نزیکە بۆ ژیانی من نووسراوە، چێژی تایبەتی خۆی هەیە.

◈ **نابینایی نەبۆتە رێگرییەك لەبەردەم کارە هونەریەکانت لەدەستپێکەوە تا ئەمڕۆ؟**

**تارا رەسولْ:** بێگومان نابینایی ببوو بە گرفتێك تا لە ولاّت دەژیام، لە خانەوادەی خۆم و هاوڕێیانی مۆزیك ژەن و تیپی مۆسیقای سلێمانی سیستەمێکی تایبەت نەبوو، راهێنان و چوونە دەرەوەم لەکاتی ئاساییدا بەردەوام کێشەم هاتۆتە پێش، پێویستیم بەکەسێك هەر هەبووە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵم زۆر بووە، دۆستان، ئازیزان و خۆشەویستان ماڵی خۆمان و مۆزیکژەنەکان یارمەتیان داوم بۆ ئەوەی لەکارەکانمدا دوا نەکەوم، ئێستا لە سوید دەژیم شوێنێکی زۆر تایبەتە، سیستەمی خۆی هەیە کە ناهێڵێ پێویستت بەهیچ شتێك بێت، ئاسانکاری زۆرت بۆ ئەکا، لە ئەمڕۆدا هیچ دواکەوتنێکم نیە.

◈ **ئەوکاتەی گەیشتیتە فرۆکەخانە سوید کێ لە پێشوازیت دابوو؟**

**تارا رەسولْ:** (بەپێکەنیننەوە) بەراستی کەچوومە ولاّتی سوید چاوەڕوانی کۆمەڵێك خەڵکم کرد، بەلاّم هیچ کەس لە فرۆکەخانە نەبوو، بەداخەوە کێشیەکی زۆریشم بۆ هاتە پێشەوە، کە یەکەم رۆژ گەیشتمە ئەوێ خۆم هەوڵمدا بەپێی ئەدرەسێك و زمانیشم نازانی، بەکێشە گەیشتمە ماڵی هاورێیەکم کەس چاوەڕوانم نەبوو.

◈ **بۆ لە زۆربەی خواردنەکاندا، زۆر زەلاّتە دەخۆیت؟**

**تارا رەسولْ:** وایە(بەپێکەنینێکی زۆرەوە) لەراستیدا خواردنی قورس تووشی ئازارم دەکات، لەبەرئەوەی لە ولاّتی سوید بەتەنیا ئەژیم، زۆر خواردنی قوڕس ناخۆم، کە دێمەوە کوردستان زۆر خواردنی قوڕس دەخۆم تووشی حالّەتی ئازاری زۆر دەبم، ئەگەر بلێم بەگشتی سەوزەو زەلاّتە بۆ تەندروستیم باشە.

◈ **زۆربەی کاتەکانی ژیانت تەنیاییە، ئەمە چی لێسەندووی و چی پێ بەخشیوی؟**

**تارا رەسولْ:** تەنیایی بەڕاستی وای لێکردووم کەمێك لەخەڵك دووركەومەوە، رەنگە جاران زۆر لەئێستا گەرمترو زمان شیرینتربووبم، لەبەرئەوەی لەناو خێزانێکی گەورەدا پەروەدەبوومە؟، ماوەیەك تەنیایی وای لێکردووم کەمتر بێمە ناو خەڵکەوە، بەلاّم ئەوەی کە پێی بەخشیووم ئەگەر تەنیایی نەبوایە نەمتدەوانی بە سەرکەوتوویی خوێندن تەواوبکەم.

◈ **کەسە نزیکەکانت ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، لەکاتی گەڕانەوەتدا بۆ کوردستان کەمتر کاتی قسەکردن و دانیشتن بۆ ئەوان تەرخان دەکەی؟**

**تارا رەسولْ:** کە دێمەوە سلێمانی لە ماڵی باوکم دەبم، زۆربەی کات ماڵی خوشك و براکانم دێن بۆ لام، منیش کاتم هەیە بۆ ئەوان، بەلاّم کاری هونەریم زۆرەو لێم تێدەگەن.

◈ **بۆ هاوڕێت زۆر کەمە؟**

**تارا رەسولْ:** هاوڕێی کاری هونەریم زۆرە، بەلاّم هاوڕێی تایبەتیم زۆر کەمە، لەبەرئەوەی چەند جارێك کێشەم بۆ هاتۆتە پێش و ئەو کەسانەی بڕوام پێیان بوو ئەوە نەبوون بڕوایان پێ بکەم، بەداخێکی زۆرەوە بۆیە هاوڕێیەکی زۆر کەمم هەیە،



که جێگەی بڕواو خۆشەویستین.

**حەزئەکەین ئەو نهێنیەمان بۆ بدرکێنی کە بۆ هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن نەتدرکاندووە؟**

**تارا رەسوڵ:** بەراستی نازانم چی بڵێم شت زۆرە کە نەمووتوە نەك بۆ راگەیاندنەکان، بەڵکو لەگەڵ خۆشم باس ناکەم، نهێنی تایبەتیم زۆرە لەگەڵیانا دەژیم، بەڵام ئەوەی کە دەمەوێ لێرە باسی بکەمو پێموایە کەم وتراوەو ئەوەیە: من یەکەم خۆشەویستم گیتار ژەنێك بوو، هەتا ئێستاش زۆر ڕێزی لێدەگرم، لای من ئەو کەسە نرخی زۆرە، رەنگە ئەو گۆڤارە بخوێنێتەوە ئەزانێ باسی چی ئەکەم.

**تۆ زیاتر لە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی بەدەر دەکەویت، نەك لەهی حزبەکانی تر؟**

**تارا رەسوڵ:** (بەپێکەنینەوە) وەڵلا تێبینی ئەوەیانم نەکردووە، کە لەکەناڵەکانی یەکێتی زیاتر بەدەر ئەکەوم، دیارە جێگەی خۆشحاڵیەو بەپێشوازی کەسایەتی منەوە هاتبن، لە زۆر کەناڵی تریش بەدەر کەوتووم.

**ئاساییە هەموو کەس ڕێژەیەك لە حەسادەت بردن بە بەرامبەرەکەی دەبات، لەتۆدا حەسادەت ئامادەگی هەیە؟**

**تارا رەسوڵ:** هەموو کەس بایی خۆی ئەو خۆپەرستیەی تیایە، لەبەرئەوەی کەموکوڕی خۆیەتی هەندێ کەس رەنگە کاری جوانی هەبێ لەوانەیە پێی وابێ ئەگەر ئیشی باشتری بکردایە جوانتر دەبوو، من وەك هەموو کەسێکی دونیا خۆپەرستیم تیایە، بەڵام ئەم خۆپەرستیەی من نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی بەرامبەرەکەم بڕوخێنم.

**سەردانی کام سەرکردەی کوردت کردوە، یاخود پەرەیان پێداوی وەك هونەرمەندێکی باش؟**

**تارا رەسوڵ:** وەك سەرکردە کوردەکان رەنگە سەردانی هەندێکیانم کردبێ، بەڵام وەك ئەوەی هاوکاری من بن لەبواری هونەریو چوونە دەرەوەم لە وولأت هیچ لەسەرکردە کوردەکان یارمەتیدەرم نەبووینە، تەنیا حزبی شیوعی بوونە یارمەتیدەر بۆ کارەکانم بۆ ئەوەی بچمە ولأتی سوید.

**مووچەی ڕێزلێنات هەیە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و حزبیەکان؟**

**تارا رەسوڵ:** لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنو حزبیەکان بەهیچ جۆرێ مووچەی ڕێزلێنانم نەبووەو نییە، تەناتەت من سێ چوار جار داوام لە وەزارەتی رۆشنبیری کردووە هاوکاری بکرێم هاوکاریشم نەکراوە.

**بڕیارتداوە بەتەواوی بێیتەوە کوردستان؟**

**تارا رەسوڵ:** کوردستان ولأتی خۆمە، بێ گومان بێ کوردستانم ناژیم، کوردستانم زۆر پێ خۆشە کاتێك بتوانم بێمەوە لە ولأت بژیم تا ئێستا هیچ بڕیارێکم نەداوە، لەبەرئەوەی سیستەمی کارکردن لەکوردستان سیستەمێکی ئاسان نییە، گۆڕانکاریەکان بەداخەوە بەرەو پێش نەڕۆویشتوونە.

**چەند خوشك برات هەیە؟**

**تارا رەسوڵ:** پێنج براو خوشکێك.

**کامەیان زۆر یارمەتیت ئەدات؟**

**تارا رەسوڵ:** لەبواری شارەزا بوون لە مۆسیقادا کاکە **رێبواری** برا گەورەم کە کەمانچە ژەنە، لەچوونم بۆ نێو دونیای هونەر، **دایکم** یارمەتیدەرێکی گەورە بوو، بۆ زۆر شوێنەکان کە ئەوکاتی تەمەنم شانزە ساڵان دەبوو، **تانیای** خوشکم لەگەڵم هاتووە، **هەرێمی** برام لەسەر شانۆو لەکاتی گۆرانی وتنیشدا بەجێی نەدەهێشتم، کەسێکی زۆر یارمەتیدەرم بوو تایبەتمەندیو نەخشێکی تایبەتی هەیە لە ژیانما، لەگەڕانەوەی ئەمجارەشمدا **هەکاری** برامم لەگەڵدابووە.

**یەکەمجار کە چوویتە سەر شانۆ کەی بوو، هەستت بەچیکرد؟**

**تارا رەسوڵ:** لە ١٩٩١ خەڵکێکی زۆر ئامادەی ئاهەنگەکە بوون، گۆرانی بێژەکانی تر لەگەڵما بوون، ئەترسان کە چۆن گۆرانی ئەڵێم. هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو.

**بۆ لە فەرهادی مێردت جیابوویتەوە؟**

**تارا رەسوڵ:** فەرهاد کەمانجە ژەنێکی دیاری هونەری کوردیە، من لە کوردستان نەبووم



کاتێ گەڕامەوە لەگەڵ فەرهاد بەبێ عەشق یەکترمان هەڵبژارد! پاش پێکەوە ژیان، ئەو هات بۆ وڵاتی سویدو نزیکی ساڵو نیوێك بەیەکەوە ژیاین، ئێمە لەوانەیە لەبواری هونەردا کارمان کردبێ بەڵام لەبواری ژنو مێردایەتی تاراددەیەك بۆچوونەکانمان نزیکیش بووە، بۆیە بڕیارماندا کە زیاتر بەتایبەتی بڕیارەکە لەلای منەوە بوو کە جیاببینەوە، لەبەرئەوەی چیتر ژیانمان لەوە ناشرینتر نەبێو یەکترمان خۆش بوێ.

**لەو جیابوونەوەیەدا پەشیمان نیت یاخود لەو مێرد کردنەت؟**

**تارا رەسوڵ:** لەراستیدا هەموو جیابوونەوەیەك تا لە هاوڕێیەکیشیدا ئاسان نییە بێگومان کاریگەری خۆی پێوە ئەبێ، بەڵام بوو بەتاقیکردنەوەیەك لە ژیانی منا، ناتوانم بڵێم پەشیمانمو ناشتوانم بڵێم پێم خۆش بووە.

**لایەنی سیاسیت چیە؟**

**تارا رەسوڵ:** لەگەڵ هیچ لایەنێك پەیوەندیم نییە، سیاسیش نیم، رەنگە خێزانی ئێمە لایەنێك بن، بەڵام بەهەموو جۆرێك دوورم لە سیاسەتو حزبایەتیەوە، تۆزێك رەخنە لە سیاسیەکان دەگرمو بەڕاستی سیاسیەکانی ئێمە زۆر بێ بەڵێنن، بۆیە هیچ لایەنێك نیمو ناشبمو لەهونەر زیاتر نەبێ.

**ئەم رەخنانە رووبەڕوو لە سیاسیەکان دەگری کاتێ دەیانبینی؟**

**تارا رەسوڵ:** من هەر کامێکیانم بینیبێ رەخنەم لێگرتوون، هەندێك لە سیاسیەکانم بینووە وەك هونەرمەند نا، بەڵکو وەك کەسێك کە ئێستا کاردەکەم لەگەڵ نابینایان بۆ ئاساناکاریان زۆربەی سیاسیەکانو وەزیرەکانیشم بینووە، دروست ئەوەی کە ئێستاش بە تۆ دەڵێمو بە ئەوانیشم وتوە. بێ بەڵێنیو بێ سیستەمیەکی زۆر هەیە، بەداخەوە ئێستا من بۆ کارێك بۆ لای ئێوە دێم دەبێ دوو ساڵی تریش بۆ هەمان کار بێمەوە، نە گوێگرتن هەیە لە قسەکەم نە بیریشی لێدەکەنەوە.

**لەسوید چ کارێك دەکەی؟**

**تارا رەسوڵ:** تا ئێستا بەشێکی کارمکردووە، بەشێکی خوێندوومە لەوێ مووچەی تایبەت هەیە بۆ خوێندن بەشێکی قەرزەو بەشێکی تریش هەروا دەتدەنێ، من ئێستا بۆ خوێندنەکەم پارەم لە حکومەتی سویدی قەرزکردووە.

**زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی لە ئەوروپا دەگەڕێنەوە پارەو سامانی زۆریان هەیە، لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە بۆ کوردستان، تۆش ئەم بەشەت هێناوە؟**

**تارا رەسوڵ:** نەخێر هەروەکو وتم (بەپێکەنینێکی زۆرەوە) قەرزداری حکومەتی سویدم!

**چەند کوڕ داوایان لە تۆ کردووە شویان پێبکەیت؟**

**تارا رەسوڵ:** (بە راوەستانو زەردەخەنەیەکی زۆرەوە)، دەڵێت: بەراستی چی بڵێم زۆر کەس پێیان وتم بۆ خۆشەویستی.

**ژمارەیان ئەزانی؟**

**تارا رەسوڵ:** بەراستی نازانم بڵێم چەندن، بەڵام رێزو خۆشەویستیم هەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی بە عەشقەوە منیان خۆش دەوێ، بەڵام دروستە کەسێك منی دەوێتو ویستووە، رەنگە منیش هەوڵمدابێ بۆ کەسێك کە زانیومە ئەو کەسەیە من ئەمەوێت، بەڵام کە دوای لێم نزیك بۆتەوە ئەو کەسە تایبەتیە نەبووبێ بۆ من، رەنگە تایبەتمەندی جوانتری هەبووبێ من کەسێکم داواکاریم جیاوازە لە کچیتر، یان تا ئێستا رێنەکەوتووە.

**تۆش بە چەند کوڕت وتوە بۆ ئەوەی بتخوازن؟**

**تارا رەسوڵ:** بەڵێ پێشنیازم هەبووە، بۆ کەسێك بەڵام رێنەکەوتووە، ئەو دڵی شکاندوومە(بەپێکەنێکی زۆرەوە).

**لە چ کاتێکدا زۆر تورە ئەبیت؟**

**تارا رەسوڵ:** لە کاتێکدا من خەریکی کارێکی هونەری یا سەفەرێکی شوێنێك بکەم زۆر تورەم، ئاگام لە خۆم نامێنێ چی ئەڵێم؟ رەنگە تۆ بەخۆشەویستی بێی جانتاکەم بۆ هەلگری تورەم بەسەرتا، بۆیە هەموو جارێ لەگەڵ ماڵەوەو هاوڕێیانم تووشی ئەو حاڵەتە دەبم، بەڵام کەس هەیە تەحەموول دەکاتو هەشە تورە ئەبێ.

**پەیوەندیت لەگەڵ ئەم هونەرمەندانە چۆنە( زیاد ئەسعەد، ناسری رەزازی، لەیلای فەریقی و کاکە زەکەریا عەبدوڵا ).**

**تارا رەسوڵ:** زیاتر زیاد ئەسعەد کاری داومەتێو ئاوازی بۆ داناوم، رۆژانەو مانگانو ساڵانە ئاگامان لەیەکتری نییە، دەمێکە قسەمان لەگەڵ یەکتری نەکردووە، سەبارەت بە ناسری رەزازیو لەیلای فەریقی هاوڕێم نین، بەڵام کە یەکتری ئەبینین تەنیا وەك کەسێکی ئاسایی چاکو چۆنیمان هەیە، هونەرمەندی خۆشەویستیش کاکە زەکەریا هاوڕێیەکی نزیکمە.

**تەمەنت ئێستا سی و دووساڵە، لەچی پەشیمانیت؟**

**تارا رەسوڵ:** پەشیمانم لەوەی کە زۆرجار کارەکانم بێ بەرامبەر داوەتە کەناڵەکانی راگەیاندن بەتایبەتی تەلەفزیۆنەکان.

**بۆ وەڵامی زۆر ئیمێلی رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان نادەیتەوە؟**

**تارا رەسوڵ:** هەندێ گۆڤارو رۆژنامە هەیە ئاستی پرسیارەکانیان زۆر لە خوارەوەیە.